# تابلۆ وەک سەنتەری گێڕانەوەی دەق

**محەمەد حەسەن**
**(دەربەندیخان)**

**سەرەتا**

هەمیشە لە نێوان وێنە و کلێشەدا، یان خەیاڵ و گوزارشت و یاخیبوونی هونەری و پابەندبوونی ڕەخنەییدا، لێکتێگەیشتنی کاتی و پارادایم و ناکۆکی بەردەوام هەیە. هۆی سەرەکی ئەو جەدەلەش بۆ سروشتی ئاماژە هونەرییەکان دەگەڕێتەوە، کە هەمیشە ئەداتی و ناڕاستەوخۆیە و پێویستی بە نێوەندگیری بینراو و بیستراو و نووسراو هەیە، بە مەبەستی بەرجەستەکردنی واتای وێنەیی و چێژی ئیستێتیکی لە بیری مرۆییدا. بۆ تێگەیشتن و فەهمی زیاتری پەیامی نووسەر لەنێو کۆنسێپتی دەقێکدا پێویستمان بە زانستی (Hermenutic – هیرمنیۆتیک)ە.

ڕەگوریشەی هیرمنیۆتیکا بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە کە جگە لە کتێبی (هونەری شیعر) لە ئەراگۆندا تێزێکیشی لەسەر ئەو چەمکە نووسیوە، بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە لەسەردەمی نوێدا بۆ کتێبی (نهێنی هیرمینۆتیکا-١٦٥٤)ی (دانووستەر) دەگەڕێتەوە، پاشان (شلایماخەر- Seheiermscher - 1768 - 1834) بە تێڕوانینێکی نوێوە لە هیرمنیۆتیکای کۆڵییەوە، لە سەرەتاوە هیرمنیۆتیک تایبەت بوو بە دەقە پیرۆز و ئایینییەکان، بۆ هەڵێنجانی واتا شاراوەکانی ناو دەقەکان و لەسەرەتای هاتنەکایەی دەقە ئەدەبی و ڕەخنەییەکانیشەوە پێ بە پێ لەگەڵ ڕێبازی ڕۆمانسیزمدا ڕێی کرد، بەڵام (ولهیلم دەلتایی) ئاراستەکەی گۆڕی، چونکە هیرمنیۆتیکای (دەلتای) بە سنووری جیاکەرەوەی نێوان تیورەکانی سەدەی نۆزدە کە لقێک بوون لە ڕێبازی ڕۆمانسیزم و تیورەکانی سەدەی بیست کە هیرمنیۆتیکای فەلسەفی و گرنگیدانە میتودییەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی داڕشتەوە، دادەنرێت.(١)

یەکێک لەو بوارانەی کە ئەم زانستە قسەی لەبارەوە دەکات و لەناویدا قاڵ بووە، لە پاش تیۆلۆژیا و فەلسەفە و زمان و سایکۆلۆژیا و کایەکانی تری ژیاندا، بێ گومان لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە. لەنێو بوارە فراوان و هەمەچەشنەکانی ئەدەبیشدا، لێکۆڵینەوەکەمان دیاری کردووە لەسەر (تابلۆ وەک سەنتەری گێڕانەوەی دەق) و کۆدێک کە بێ شیکردنەوە و دەستبردن و تێگەیشتن لەو ماکە، مەحاڵە هیچ سەرەداوێکی ترمان بە ئاسانی بەدەستەوە بێت. ئاشکرایە چەندان جۆرە ستایلی نووسین هەیە و وێنەش وەک فۆرمی سەرەکی گێڕانەوە یەکێک لەو شێوازانەیە، لە ئەدەبیاتی دنیایشدا بە قووڵی کاری لەسەر کراوە و شاکاری لەسەر خوڵقاوە کە بەداخەوە لە کوردستان ئەم جۆرە ستایلە ونە، ئەگەر هەشبێت بە

شێوەیەکی زۆر لاوازە، ئەمەش بۆ ئیتیباعی نووسەران لە پشتگوێ خستنی ئەم جۆرە شێوازی نووسینە دەگەڕێتەوە، تابلۆ وەک دیاردە بایەخی ئەوتۆی پێ نەدراوە لەچاو وڵاتانی ڕۆژئاوا و هەندێک وڵاتانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەت وڵاتی ئێران.

لێرەدا بۆ تێگەیشتن لەم شێوازە بە وردی تیشک دەخەینە سەر یەکێک لە شاکارە ئەدەبییەکانی ئەو وڵاتە و باسی لێوە دەکەین، ئەویش ڕۆمانی (چاوەکانی)، (بوزورگ عەلەوی)ـە. هەموو دەقێکی ئەدەبی پێدەچێت ئاوێنەیەکی بێگەردی سەردەمی خۆی بێت، بەجوانی ئەرکی خستنەڕووی بارودۆخی نووسەری دەق، یان ژینگەی کەسانی کۆمەڵەکەی لە سەردەمێکی تایبەتدا بگێڕێت."هەر ئەم لایەنە وا لە دەقی ئەدەبی دەکات ببێتە کەرەستەیەکی باش بۆ لێکۆڵەری کۆمەڵناسی و دابونەریت ناسی، کە لە ڕێگەی چەند دەقێکی ئەدەبییەوە دەتوانین زانیاری لەبارەی سروشتی کۆمەڵێک لە سەردەمێکی تایبەتدا پەیدا بکەین، ئەمەش بە حوکمی ئەوەی ئەدەب بە ئاوێنەیەکی سەردەمی کۆمەڵەکەی دادەنرێت و لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەدەب ئاوێنەیە". (٢)

زۆربەی ڕەخنەگران ڕۆمانی (چاوەکانی) بە سەرکەوتووترین کاری نووسەر لە قەڵەمی دەدەن. نووسەر لەمیانی تابلۆیەکەوە کە بریتییە لە دەموچاوی ئافرەتێک و چاوەکانی بە ڕوونی دەبینرێن و بەشەکانی تری ڕوخسارەکە لە تاریکیدا ونن، ئەو چاوانە دەبنە خاڵی دەستپێکی ڕووداوەکانی نێو تێکستەکە. ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین (سادق هیدایەت)یش لە ڕۆمانی (کوندەپەپووی کوێر)دا بەزەقی تیشکی خستووەتە سەر بواری وێنەکێشانی سەر بەرگی قەڵەم دانەکان کە لە ئەدەبیاتی وڵاتی ئێراندا یەکێکە لە ڕۆمانە بەناوبانگەکان و هەمیشە لەسەر زاری ڕەخنەگران و خوێنەرانی ئەو بوارەیە. لە ئەدەبیاتی خۆرئاوادا لەمێژە کار لەسەر ئەم جۆرە شێوازە کراوە، لێرەدا تەنیا دوو لەو تێکستانە بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەمان دەخەینە بەر باس. ئەوانیش ڕۆمانی (چاوەکانی بوزورگ عەلەوی، وێنەکەی دۆریان گرەی (ئۆسکار وایەڵد)ـە.

پێش ئەوەی باس لەو دوو ڕۆمانە بکەین، ناکرێت باس لە تابلۆ وەک کۆدێک بکەیت و سەنتەری گێڕانەوەی دەقیش بێت بە ئاسانی باز بەسەر ڕۆمانی (کۆدی داڤنشی)ی (دان براون)دا بدەین.



**ئەرستۆ**

کۆدی (داڤنشی)ی (دان براون) ڕۆمانێکە ڕیشەی هەموو ڕووداوەکان پەیوەست کراوە بە تابلۆی (زەردەخەنەی مۆنالیزای لیۆناردۆ داڤینشی)ـەوە، کۆدەکەش بەپێی ڕەوتی ڕۆمانەکە سەرەداوەکانی پەیوەست کراوە بە کۆمەڵەی پارێزگاری لە پیاڵەی پیرۆز و دووانەوەی مەسیحەوە.

دان براون لە ڕێگەی تابلۆکەوە بەتێپەڕبوونی ساتەکان خوێنەر ڕووبەڕووی دنیایەک ڕەمز و کۆدی پێکەوە بەستراو دەکاتەوە بۆ گەیشتن بەپیاڵەی پیرۆز.

(بوزورگ عەلەوی)ش لە ڕێگەی تەلیسمی تابلۆی چاوەکانییەوە کە وەک کۆدێک بەکاری هێناوە و بە سەنتەری گێڕانەوەی دەقەوە پەیوەست کراوە و لە ڕێگایەوە گوزەرانی میللەتی ئێران لە سەردەمی - حوکمی ڕەزاشادا دەخاتە ڕوو. لە کاتی بەرکەوتەی ئەم جۆرە دەقانەدا ئاماژە و هێماکان لە هەر شتێکی تر گرنگترن بۆ گەیشتنە سەنتەر." هێما نیشانەی مەودایە و ئەگەر شتێکیشمان بە ئاشکرا و ئامادە زانیوە، دەکرێت بەهۆی مەوداوە بیناسین و لە خوێندنەوەی هەرچەشنە دەقێکدا، وشیارانە بنەماکەی هەڵوەشێنین و بیرمان نەچێت کە شتێک بەناوی متمانەی واتایی دەق لە گۆڕێدا نییە و ئەوەی کە لە سەرەتاوە بەرچاو دەکەوێت

کاتییه". (٣)

ئاشکرایه کــــه دیریدا بەدوای تێگەیشتن لە دوایین واتای دەق نەکەوتووە، میتودی نەریتی خوێندنەوە، کە دەق بەسەر ژمارەیەک لە گوزارە و ڕێساکاندا دابەش دەکات و پشتی بە ئاخاوتە تەوەری بەستووە. دێریدا وەک ڕۆلان بارت و پێکهاتەگەراکان لەو باوەڕەدایە کە نووسەر دەبێتە داهێنەرێک کە چیدی سوودێکی نییە لە قەڵەمی بدەین و دەق بەسەرەتای خوێندنەوە بزانین، "چوون هەر دەقێک کە دەخوێنرێتەوە، لە ڕەوتی خوێندنەوەدا هەڵدەوەشێنرێتەوە". (٤)

## وێنەکێش لە ڕۆڵی کەسایەتی سەرەکی دەقدا

(ماکانی وێنەکێش) کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی چاوەکانی (بوزورگ عەلەوی)ـە و ڕۆڵی کارەکتەرێکی یاخی و ئازاد لە دژی سیستەم دەبینێت، وەک لەسەرەتادا باسی ژینگەی سەرهەڵدانی دەقمان کرد، نووسەر لە پەرەگرافی یەکەمەوە بارودۆخ و گوزەرانی سەردەمێکمان بە هێڵێکی درێژ بۆ دەگێڕێتەوە و بە فلاش باکێک مەرگی نیگارکێشەکەمان دەخاتە زەینەوە، پاشان بە تەکنیکێکی زمانەوانی لەبەردەم تابلۆی چاوەکانیدا ڕاماندەگرێت و ڕوانینمان بەسەرە داوەکانی چاودێری قوتابخانەی نیگارکێشانەوە دەبەستێتەوە، تا بزانین خاوەنی ئەو چاوانە کێن. یەکێکی تر لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی نێو ڕۆمانەکە کارەکتەری (فەرەنگیس)ـە، کە زۆری هێما و ئاماژەکان لە دەوری ئەم کەساتییە چڕدەبنەوە کە بۆ خۆی خاوەنی تابلۆی چاوەکانی بن، بەڵام (فەرەنگیس) هەموو ئەگەرەکانی خوێنەر تێکدەشکێنێت، کاتێک بە چاودێری قوتابخانەی وێنەکێشانەکە دەڵێت: "تۆ و ماکان بەهەڵە تێگەشتوون، خاوەنی ئەو چاوانە من نیم"!

## سەربەخۆیی دەلالەتی دەق

هەموو ئەو ئاماژانەی نووسینە کە گوتاری دەق جێگیر دەکەن، هەر بە ئاماژە دەنگییەکان و هێما و نیشانە مرۆییەکانەوە، تا بەو ئاماژە ماددییانەش دەگات، کە لە دەرەوەی واقیعی مرۆیین، بەو مەرجەی بینە کەناڵی پێوەندی گرتن. (لای پۆل ڕیکۆر ڕستە یەکەیە، نەک ئاماژەکان، چونکە ئاماژەکان بە تەنیا مانایەکیان نییە و بە کۆبوونەوەیان بەپێی ڕێساکانی سیستەمی نووسین و ئەداکردن مانا پێک دەهێنن و بەم پێیەش گوتاری دەق پێکدێت. (٥)

## زەروورەتی هیرمنیۆتیک بۆ تێگەیشتن لە دەق لە تێڕوانینی گادامیرەوە

هەرکاتێک دەقێک ڕاڤە دەکرێت، واتایەکی تایبەت پەیدادەکات. هەر ڕاڤەکردنێک مانای پێکەوە گونجانێکە (Anwendung). بە گوتەی (هانس جۆرج گادامیر) ئێمە لە وتووێژ لەگەڵ کولتووری ڕابوردوو، ئەو کولتوورە بۆ کاتی ئێستا دەگوێزینەوە و دەیکەینە ئەمرۆیی، بۆ نموونە لە "خوێندنەوە، یان سەیرکرنی تراژیدیایەکی یۆنانی بۆ نموونە (ئانتیگۆنە) دژوارییەکان و گرێ و ڕەوشی فیکری و فەلسەفی شانۆی سۆفۆکلیس ئەمرۆیی دەبینین و لە چوارچێوەی هەمەکی ئاماژەکانی ڕۆژگار لێی ڕادەمێنین. ئێمە نەک لە ڕێگەی (ئانتیگۆنە)ی یۆنانی کۆنەوە، بەڵکو بە ڕاڤەی ئەمرۆیی لەگەڵ دەقی ئانتیگۆنە وتووێژ دەکەین". (٦) ئەگەر زیاتر ڕوونی بکەینەوە ئەوە پێویستە لە حاڵەتە سایکی و سایکۆلۆژییەکانی نێوان پەیامنێر و پەیام وەرگر، کە لە نێو بازنەی هیرمنیۆتیکی دەقدا چڕ بووەتەوە بکۆڵینەوە، بەم شێوەیە کاتێک نێرەر پەیامێک لە ڕێگەی دەقەوە بۆ خوێنەر دەنێرێت خۆبەخۆ ئەرکێکی پێوەندی کارانە دروست دەبێت و زەینی خوێنەر دەخاتەبەر تێڕامان و بیرکردنەوەی قووڵ، لەم ڕێگەیەشەوە دەتوانین کۆد و گرێکان شی بکەینەوە و لە مەبەستی دروستی نێرەر بگەین، بۆیە کاتیک ناتوانین شێوەی ئەو هەڵچوونە دەروونییە لەبیرکەین، کاتێک کارەکتەری چاودێری قوتابخانەی وێنەکێشان لەو ماوە درێژەی چاوەڕوانی بۆ وەڵامی کێ خاوەنی چاوەکانە، ڕووبەڕووی وەڵامێکی نێگەتیڤ دەبێتەوە و لە کۆتاییەوە بۆ سەرەتا دەگەڕێینەوە و ناشتوانین خۆمان لە وەڵامەکان ببوێرین. بە وتەی میخایل باختین "بۆ مرۆڤ هیچ شتێک ترسناکتر لە نەبوونی وەڵام نییە". (٧) ئایا ئێمەی ڕاڤەکار، یان خوێنەر دەبێت وا بەسانایی تەسلیمی ئەو وەڵامە بین، یان پێویستە بەردەوامی بە هەوڵەکەمان بدەین بە گوێرەی یاساکانی هێرمنیۆتیک تا ئاستی هەڵوەشانەوە. چون کاری ئێمە خوێندنەوە و تێگەیشتن نییە لەوەی کە وتراوە، بەڵکو کاری ئێمە درکاندنی ئەوەیە کە نەوتراوە.

## میتودی زمانی بابەت

ئەو تیـــۆرییـــە پێـــوەندکـــارییـــەی کـــە ئەم بابەتەی پێ دەخـوێنینەوە، لەلایەن (ڕۆمن یاکـۆبسین)ی زمـانناسی ڕووسی هاتووەتە ئاراوە.

دیاگرامی پێوەندییەکە بەم شێوەیە:

بوار

نێرەر، نووسەر ــــ پەیام ــــ وەرگر، خوێنەر

ڕمزەکان ــــ پێوەندی گرتن ــــ contact.

نێرەر پەیامەکە بۆ وەرگر دەنێرێت، ئەم پەیامە بوارێکی هەیە و ئەم بوارە دەگـــەڕێنرێتـــەوە، لە ڕێگەی ڕەمـــزی زمـانـیـیـەوە دێتـە ئاراوە، کـە بە زۆری لە نێـوان هەردوو ئاراستەی پێوەندیدا هاوبەشە. (٨)

## هەڵسەنگاندنی کەسایەتی

کـــارەکـــتـــەری (فـــەرەنگیس) بەهۆی ژینگە و دەوروبەرەکەی و ئەو کەشە ئۆرستۆکراتییەوە کە لەلایەن خێـزانەیەکەوە بۆی ڕەخسـاوە و بێ ئەندازە بایەخی پێ دراوە و تاڕادەیەک وەک کەسێکی خودئەڤین (نێرگسی) دەردەکەوێت، وەسف و ستایشی خۆی و کارەکانی نەبێت بە هیـچی تر ڕازی نابێت، بۆیە کاتێک لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی بەهرەی وێنەکێشانەوە، باوکی پێشنیـاری چوون بۆ لای (مـاکـان)ی نیگارکێـشی بۆ دەکـات، تا بەهرەکەی پەرە پێ بدات و ئەویش پێشنیـارەکەی باوکی جێبەجێ دەکات. هەندێک سات بە بایەخەوە لە کارەکەی خۆی دەڕوانی و هەندێک جاریش تەنیا بۆ سەرگەرمی و کات بەسەر بردن. لە یەکێک لە دیالۆگەکانی نێودەقەکەدا بە چاودێری قـوتابخانەکە دەڵێت "ڕاستیـیـەکەی ئەوەیە دەمـەوێ شـتێـک بە ئێـوە بڵێم، شـتێک کـە خـۆم باش دەزانم چیـیـە و تێـدەگـەم، بەڵام ئەو توانایـیـەم نیـیـە بە شێوەیەک بیخەمە ڕوو کە شایستەی تێگەیشتن بێت. من هیچ کـاتێک لە ژیانمدا نەمـــزانیـــوە چیم دەوێت، هەمیشە دوو هێزی دژ بەیەک، منیـان لەم تەرەف بۆ ئەو تەرەف ڕاکێشاوە و نەمتوانیوە دڵ و گیانی خۆم بکەمە قـوربانی تەرەفـێکیـان و دەست لە تەرەفـەکـەی تریان هەڵگرم". (٩)

بۆ هەر لە یەکـەم بەرکـەوتەی لەگـەڵ (مـاکـان)ی نیگارکێشدا و کـاتێک بەرانبـەر ئەو وەسف و ستایشە زۆرانەی خـێـزان و چواردەورەکـەی دەبێـتـەوە، و ئەو بێ مـوبالاتیـیـەی ئوسـتـادی وێنەکـێش دەبینێت کـە هیچ نرخـێکی وای بۆ دانانێت شایەنی باس بێت، لەناخـەوە حـــاڵـەتی ســـایکی تێکدەچێت و زۆر هەست بە خۆبەکەمزانین دەکات و بە جۆرێک نایەوێت جارێکی تر ئەو پیاوە ببینێتەوە و باوکی لەبەر ئەوەی قەرەبووی ئەو شکسـتـەی بۆ بکاتەوە، ڕووەو ولاتانی دەرەوەی دەنێرێت بۆ فێربوونی وێنەکێشان. لەوێش بەردەوام لەگەڵ خودی خۆیدا جەنگاوە و هەمـیـشـە چاوەکانی وەک چەکێکی کاریگەر لە بەرانبەر مەعشووقە نوێکانیدا بەکارهێناوە، وەک ئەوەی ڕۆژێک ژیانی لاوە ئیتاڵییەکەی (دۆناتیلۆ) پێ ویران کرد. ئەو پێی سەیربوو کەس لە بۆسەی سیحری چاوەکـانی دەربازی نەبوو، جگە لە (مـاکـان)، تەنانەت سـەریشی هەڵنەبڕی تا بزانێت ئەم فـێـرخـوازی هونەری تابلۆکێشانە، چ کەسێکە و چ جۆرە ڕەنگ و ڕوخسارێک و جـوانیـیـەکی پێـوەیە. ئەو لەیەک کـاتدا دوو شـتی دەویست یەکەم هونەری وێنەکێشان و دووەم مامۆستاکەی پێی سـەرسام بێت، بەڵام لەسـەرەتادا هیـچیـانی چنگ نەکەوت. لە یەکێک لە دیالۆگەکـانی تێکستـەکەدا لە زاری خۆیەوە دان بەم شکستییەدا دەنێت کاتێک دەڵێت: "مـرۆڤ جـاری وایە نەزانانە هەڵوەدای شـتێـک دەبێت، کـاتێک ئەو شـتـەی دەسـتگیـرنابێت، وا هەست دەکـات تەنانەت خۆشی ون کردووە" (١٠)

## خوێنەر وەک پەیام وەرگر

مەرج نییە هەموو خوێنەرێک، یان وەرگرێک یەک جۆر مانا بە دەقێک ببەخشن، بەڵکو ڕوانگە و پێودانگەکان، بەپێی باکگراوندی مـەعـریفی لە ئاسـتی تێگەیشـتنی کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە و دەگۆڕێت. دواجار ئەم فرە خوێندنەوە و تێگەیشـتنە دەقێک لە فەرامۆشی دەپارێزن و بە جۆرێک لە جۆرەکان شکۆی بۆ دەگێڕنەوە. ئەوەی وادەکات ئەدەبیات ڕۆژ بە ڕۆژ بۆ پێشەوە بچێت نووسەر و خوێنەرانی سەردەمە جیاوازەکانن، کە خوێنەران و ڕاڤـەکـاران بەردەوام ڕاڤـەی جـۆراوجـۆر بۆ دەقـە زیندووەکـان دەکەن. هەر لە دەقەکـانی نێـو میـتـۆلۆژیا و ترادسیـۆنی یۆنانی، تا دەگـات بە بەرهەمی سـەدەکـانی ناوەڕاست و تا ئەمـــڕۆش، هەمـــیــــشـــە ڕووبەڕووی دەرکـــەوتەی نوێ و مـــانا و دەلالەتی پەیامی نووســـەر

دەبنەوە و مشتێک دەخەنە سەر خەرمانی بیر و ئەدەبیاتی مرۆڤایەتی و جیهانی.

هەندێک جار پەیامی نووسەر لە پنتێکدا چەق دەبەستێ و هەموو سەرنجی خوێنەر لە گۆشەیەکی ڕووداوێکدا چڕدەکاتەوە، ئەمەش بۆ تێگەیشتنی پەیام وەرگر ئاسان دەکەوێتەوە، بەڵام کاتێک سەرنج و تێڕوانینەکان لە یەک بوار زیاتر بایەخی پێ دەدرێت و نووسەر لەڕێگەی چەندان جۆری فۆرم وتەکنیکی نووسینەوە دەیان وێنە و ڕووداوی جیاواز لە ڕێگەی هێما و کۆد و دەلالەتەکانەوە مەودایەکی فراوان بۆ تێکست دەکاتەوە و وادەکات ئاستی تێکست نەیەتە خوارەوە بۆ ئاستی تێنەگەشتن، بەڵکو تێکست خوێنەر ناچار دەکات بە دوای ڕووداوەکاندا هەنگاو هەڵێنێ و ئاستی تێگەیشتنی بۆ دەق چڕ و بەرزتر بکاتەوە، بەڵام نووسەر لە ڕۆمانی (کوندەپەپووی کوێر)ی (سادق هیدایەت)دا کاتێک گێڕەرەوە، یان ڕاوی هەر لە سەرەتاوە دەیەوێ پەیامی جۆرە نائومێدییەک بگەیەنێت. ئەگەر ڕۆمانی (چاوەکانی) بەپێی شوێن و فۆرم و ناوەرۆک سەر بە ڕێبازی ڕیالیستی بێت لە ئەدەبدا، ئەوە (کوندە پەپووی کوێر) لە بازنەی دەقێکی سوریالیدا دەخولێتەوە و ڕاوی جارێک بە خەو عیشقە ناکامەکەی دەگێڕێتەوە کە وێنای لەسەر نەقاشێ بەرگی قەڵەم دانەکان دەکێشێت و جارێک لە بەشی دووەمی ڕۆمانەکەدا، خۆی لە واقیعدا ئەزموونی ئەو عیشقە دەکات و هەردوو جارەکەش شکست دەهێنێت. لە پەرەگرافی یەکەمدا ئەو ئازارە دەنووسێتەوە کە کەس لێی تێناگات و دەڵێت: "لە ژیاندا گەلێک زام هەن، وەک خۆرە وردە وردە ڕوح لە تاریکیدا دەخۆن و دەیتاشن، ناکرێ لەلای کەس باسی ئەم ئازارانە بکەیت، چونکە هەمووان وا ڕاهاتوون، ئەم ئازارە بڕوا پێ نەکراوانە بە ڕووداو و پێشهاتی سەیر و دەگمەن بزانن و ئەگەر کەسێک بیڵێت، یان بینووسێت، خەڵکی بەپێی باوەڕی باو و بۆچوونی خۆیان هەوڵ دەدەن بە بزەیەکی پڕ لە گومان و گاڵتەجارییەوە وەری بگرن.". (١١) لێرەدا نووسەر دەگاتە ترۆپکی نائومێدی، تانانەت لە چەندان شوێنی تێکستەکەدا دەڵێت: من بۆ سێبەرەکەی خۆم دەنووسم. لە هەردوو ڕۆمانی (چاوەکانی و کوندەپەپووی کوێر)دا عیشقەکان تاسەر لەگەڵ یەک نامێننەوە و هەریەکەیان بە جۆرێک کۆتاییەکی تراژیدی باڵ بەسەر پێوەندییەکەدا دەکێشێت.

دیسان بۆ کارەکتەری (فەرەنگیس) دەگەڕێینەوە دوای ئەوەی لە دەرەوەی وڵات دەگەڕێتەوە و لە سیاسەتەوە تێوە دەگلێت تا بە هەر جۆرێک بووە لە (ماکان) نزیک بێتەوە، پاش گەڕانەوە و یەکتربینین تێڕوانینی بۆ مامۆستاکەی دەگۆڕێت، ئیدی بەگوێرەی تێپەڕینی کات و ئەزموونەوە، یان هەڵکشانی تەمەن و کامڵبوونی کەسایەتی بێت، دەیەوێت بەڕاستی عیشقی خۆی بۆ مامۆستا دەربڕێت، یان بە مەبەستی تۆڵە کردنەوە لە شکستی ڕابوردووی لەسەر دەستی مامۆستای نیگارکێشانەکە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە تەنیا ئەو قوربانیدانەی (فەرەنگیس) بەسە کە بە ژیانی خۆی دەیدات و لێرەدا فۆرمی تۆڵە بۆ عیشق دەگۆڕێت. (عیشقی من سەنگینی منە، ئەو بۆ کوێ بچێت منیش بۆ ئەوێ دەچم). (١٢) ڕەنگە بتوانین بڵێین هەموو شتێک کە مەعشووق جیادەکاتەوە، لەوانە نەبوونی هیچ خاسیەتێکی سەرسوڕهێنەر، ڕەنگە لە هونەری عیشقدا ڕۆڵێکیان هەبێت، چونکە ئەمە لە وەرگرتنی مەعشووق وەک ئەوەی کە هەیە پێکهاتووە، کرانەوەیەک بۆ هەر کاریگەرییەک کە حزووری ئەو ڕەنگە بخولقێنێ. عیشق هونەری تێڕامانە لە کارێکی هونەری، کە کەسێکی دیکەیە، هەروەک چۆن شانۆ هونەری تێڕامانە لە حاڵەتە دراماتیکییەکان، یان چۆن (ئەفلاتوون) دەڵێت: عاشق لە مەعشووقەکەیدا وێنەی نوێنەرایەتی کردنێک دەبینیت، کە وێنەی نوێنەرایەتی کردنی جوانی موتڵەق دەکات. دیارە مەبەستی (ئەفلاتوون) ئەوەیە کە هەموو عاشقەکان لە مەعشووقەکانیاندا عاشقی خودی موتڵەقن". (١٣) بۆ (فەرەنگیس) ئازاری لەدەستدان سەختە، بەڵام لەو ئازارەش سەختتر ئازاری مردن و مەحوبوونەوەی مەعشووقە بە یەکجاری، بۆیە کاتێک نکوڵی لە تابلۆی (چاوەکانی) دەکات بۆ ئەو هەستەی ئەو چاوانەی دەگەڕێتەوە کە چەند شانازی پێوەدەکردن نەیانتوانی لە یەکەم نیگادا، کاتێک بەوپەڕی شانازی بەخۆکردنەوە ڕووە و جێگای نیگار کێشانەکە ڕۆیشت، نەیتوانی وێنەکێشەکە ڕاپێچی عیشقێکی هەرزەکارانە بکات، تا بەو ڕۆژە شوومە نەگات.

### پێوەندی گرتن - contact

تابلۆی چاوەکانی هەر ئەو چاوانەن لە زەمەنی جیاوازەوە لە بیر و ئەندێشەی نووسەردا لەسەر کۆی ڕووداوەکانی ڕۆژگار کۆبوونەتەوە و لە ڕێگەی چاوێکی خاوەن بزرەوە پەیامێک بۆ خوێنەری سەردەمەکان دەنێرێت. خوێنەرێک بە چێژەوە تا ئەوسەری چاوەڕوانی بە هۆی کۆنتاکتی دەقەوە بەدوای مەدلوولەکانی زمان و ماناوەن، تا بە شێوەیەکی دروست لە سەردەمی نووسینی دەق و ئەمڕۆ بگەن. کاتێک بەرانبەر تابلۆیەک ڕادەوەستین، یەکەم کاردانەوەمان ئەوەیە داخۆ دەتوانین بچینە ناویەوە؟

یان "کاتێک سەیری نیگارێک دەکەین، لە چرکەساتێکدا بۆچوونێکی گشتی وەردەگرین، بەڵام کاتێک ڕۆمانێک دەخوێنینەوە دۆخەکە تەواو پێچەوانەیە. لەگەڵ هەڵدانەوەی پەرەگرافەکاندا لە دیمەنی بچووک ورد دەبینەوە و لەناو هێڵە گشتییەکەدا، تابلۆیەک ساتێک، زەمەنێکی ڕاوەستاومان پیشان دەدات، بەڵام ڕۆمان هەزاران ساتی ڕاوەستاوی بەدوای یەکدا ریزبوومان پیشان دەدات."(١٤)

ئەوەی بەلای خوێنەرەوە گرنگە چۆن بتوانێت ساتە ڕاوەستاوەکان لە مەودای فراوانی بیریدا، دیسان بە وێنەیەکی تایبەت بنەخشێنێتەوە، تا یەکێتیی دەق دێتە بەرهەم. چون هەموو بەشەکان پێوەندییەکی دانەبڕاویان هەیە لە سیاقی ئەو فۆرمەی کە شکڵی ڕۆمانەکەی وەرگرتووە. بۆ ئەوەی پێوەندییەکە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر، یان لە دەقەوە بۆ وەرگر بازنەی تەواوی هیرمنیۆتیک بەرجەستەکات و حسابی ورد بۆ ڕستە و بەش و فۆرم و تەکنیک و شێواز و زمان و گوتاری دەق بکات.

### فۆرم و ئایدیۆلۆژیا

لۆکاچ پێی وایە توخمی ڕاستەقینەی کۆمەڵایەتی لە ئەدەبیاتدا فۆرمە. بەو پێیە فۆرم بەرهەمی ناوەڕۆکە، بەڵام لە پێوەندییەکی دوو لایەنەدا کاریگەری لەسەر ناوەڕۆک دادەنێت. "(هیگڵ) لە کتێبی فەلسەفەی (هونەرە جوانەکان - ١٨٣٥)دا پێی وابوو هەر ناوەڕۆکێکی دیاری کراو، فۆرمی لەباری خۆی دیاری دەکات. بەڕای (هیگڵ) نوقسانی فۆرم لە نوقسانی ناوەڕۆکەوە سەرچاوە دەگرێت. (هونەر دەرخەری قۆناغە جیاجیاکانە لە پێشکەوتنی ئەو شتەدا کە هیگڵ ناوی دەنێت (ڕوحی جیهان - worid spirit) ئەمە هەمان ناوەڕۆکی هونەرە بەردەوام هەوڵ دەدات خۆی بە شێوەیەکی شیاو لە فۆرمی هونەریدا دەرخات."(١٥) (لیۆن ترۆتسکی) لە وتەیەکدا لە کتێبی (ئەدەبیات و ڕاپەڕین)دا دەڵێت: "فۆرمی نوێ لەژێر گوشاری پێویستییەکی ناوەکی و خواستێکی دەروونناسانەی کۆیبدا کەشف دەکرێت و دەدۆزرێتەوە و ئاشکرا دەبێت و گەشە دەسێنێت، خاوەن ڕەگی کۆمەڵایەتی خۆیەتی و ئەمەش پێوەندی فۆرم و ناوەڕۆک دیاری دەکات. بەم پێیە پێشکەوتنە گرنگەکان لە فۆرمی ئەدەبیاتدا، سەرچاوەکەیان بۆ پێشکەوتنە گرنگەکان لە ئایدیۆلۆژیادا دەگەڕێتەوە". بەڕای (ترۆتسکی) " فۆرمی ئەدەبی خاوەن ڕادەیەکی باڵای سەربەخۆییە، فۆرم تاڕادەیەک بەپێی گوشارە ناوەکییەکانی خۆی پێ دەگات و بە تەنیا لە بەرانبەر هەر با و تەوژمێکی ئایدیۆلۆژیدا نانووشتێتەوە."، (١٦) (نیتشە) نیشانی دا کە بە تێپەڕبوونی کات و سەردەم و چاخە جۆراوجۆرەکانی مێژوو، پێوەری دروستی و نادروستی دەگۆڕێ. لەم ڕوانگەیەشەوە بڕیاری ڕەتکردنەوەی تابلۆی (چاوەکان)ی ئەگەر لەلایەن کارەکتەری (فەرەنگیس)ـەوە نادروست بێت، بەهیچ جۆرێک نابێتە هۆی ڕەتبوونەوەی. (ڕەنگە تەنانەت نادروستترین بڕیار بۆ مرۆڤ لە قۆناغێکی مێژووییدا لە پێویستترین شتەکان بێت. حەقیقەت جۆرێک هەڵەیە کە بێ ئەو جۆرێک ژیان ناتوانێ بژی).(١٧) کەم تا زۆر لە لایەنەکانی تابلۆی ڕۆمانی «چاوەکانی»مان کۆڵییەوە و پێویستە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکەمان درێژە پێ بدەن و زیاتر بڕۆینە قووڵایی بابەتەکەمان دەست و پەنجەمان لەگەڵ ڕۆمانێک گەرم بکەین، کە تاکە ڕۆمانی نووسەر و شۆڕشێکی ئەدەبی لە کۆتاییەکانی نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەم بەرپاکرد، ئەویش ڕۆمانی (وێنەکەی دۆریان گرەی) نووسەری ئێرلەندی (ئۆسکار وایەڵد)ـە، ئەم ڕۆمانە بازدانێکی گەورەبوو بەسەر ڕێبازی ریالیزم و ڕێبازی پەرناس)دا. نووسەر هاوشان لەگەڵ هێنانە ئارای ئەم دەقەدا، شاعیر و چیرۆکنووس و شانۆنامەنووسیش بووە و بەرهەمەکانی تا ئێستاش ڕەنگدانەوەی بەسەر ئەدەبیاتی ئینگلیز و

جیهانەوەیە و بەردەوام شانۆنامەکانی نمایش دەکرێن. ئەم ڕۆمانە هێڵە گشتییەکانی ململانێیەکە لە نێوان جەستە و ڕوخساری (دۆریان) فۆرمە ئایدیالەکەی ڕوحیدا. ململانێیەکە لە پێناو مانەوەی جوانی پەتیدا بۆ هەمیشە. چیرۆکی ڕۆمانەکە بەم شێوەیە: (بەیسڵ هۆڵوارد) هونەرمەندێکی شێوەکارە، ڕۆژێک وێنەیەکی (دۆریان) گرەی لاو دەکێشێت و زۆری بەلاوە جوان دەبێت و گەنجی خۆی تێدا دەبینێتەوە. (لۆرد هێنری) هاوڕێی هۆڵوارده کاتێک تابلۆکە دەبینێت زۆری پێ سەرسام دەبێت و پاش ناسینی (دۆریان) هان دەدات کە جوانییەکی ئەفسووناوی بە ڕوخسارەوەیە و بەهەر شێوەیەک بووە، دەبێت پارێزگاری لەو جوانییە خواییە بکات و ڕووبکاتە ژیانێک کە لەسەر بنەمای جوانیپەرستی و چێژوەرگرتنی کاتی و جەستە بێت، بۆیە ڕووداوەکان ململانێیەکە لە پێناو ڕاگرتنی زەمەندا بۆ هێشتنەوەی جوانی تا ڕادەی بوونە کەسایەتییەکی (دەسپۆتی). ئەگەر لە ڕێبازی کلاسیزمدا عەقڵ بە توخمێکی بنچینەیی دابنرێت و لەگەڵ ڕاستیدا هاوشان بێت و ڕاستیش بە نەگۆڕی بمێنێتەوە و ڕێبازی ڕۆمانسیزم کار لەسەر ئازادی و زاتێتی بکەنەوە و ڕیالیزم لەسەر واقیع وەک ئەوەی کە هەیە بەرهەم بهێنێتەوە، ئەوە ئەم ڕۆمانە گوزەرێکە بە ناو سێ یەکێتییەکەی نێوان (بابەت ـ کات ـ شوێن) و لە نێوان هەردوو ڕێبازی پەرناسیزم و سیمبۆلیزمدا خۆی دەبینێتەوە و دەبێتە وەرچەرخانی پەرناس بۆ سیمبۆلیزم.

لەڕووی کرۆنۆلۆژی و سەرهەڵدانی مێژووییەوە ڕێبازی پەرناس هاوزەمانی ڕیالیزم دژ بە ڕێبازی ڕۆمانسیزم سەری هەڵدا. ڤیکتۆر هۆگۆی ڕۆمانسی پێش ئەوەی ئەرکی کۆمەڵایەتییانەی هونەر بگرێتە ئەستۆ، لە ساڵی (١٨٢٩)دا بە بەرهەمی (ڕۆژهەڵاتییەکان) بنچینە سەرەتاییەکانی (هونەر بۆ هونەر)ی ڕێبازی پەرناسی دارشت.(١٨) هونەر بە بۆچوونی پەرناسەکان خۆی لە خۆیدا ئامانجێکە نەک ئامراز. هونەر ئەگەر سوودێکی هەبێت تەنیا ئەوەیە کە جوانە. ئەم جوانییە ئیتر بەسە. (شارل بۆدلێر)، کە بە ڕێبازی پەرناس دەستی پێ کردبوو، بنچینەکانی سیمبۆلیزمی بە دیوانەکەی (گوڵەکانی شەڕ) لەساڵی (١٨٥٧) دامەزراند، بەڕای بۆدلێر دنیا جەنگەڵێکە لێوان لێوی ڕەمز و ئاماژە. ڕاستی لە مرۆڤ شاراوەتەوە، تەنیا هونەرمەند دەتوانێ ئەو نهێنییانەی ژیان بدۆزێتەوە و لێک بداتەوە، ئەویش بە زمانی ئاماژە.(١٩) (لۆرد هێنری) بەردەوام ئامۆژگاری (دۆریان) دەکات بۆ ئەوەی پارێزگاری لە جوانی خۆی بکات و چێژی لێ ببینێت." تۆ سەرسوڕهێنەرترین لاویت، لاویش تاکە شتێکە شایەنی هەبوون بێت."(٢٠) (هێنری) دیوی دووەمی (پەرناسیزم)ـە کە تەنیا لە پێناو جوانیدا هەوڵ دەدات و کاری بۆ دەکات، تا ڕادەی ئەوەی وەک سیمبۆلێک لەنێو ئەم جیهانەدا بمێنێتەوە، بەو جۆرەی کە هەیە. (دۆریان) ناچارە خۆزگە بخوازێت بەو جۆرەی کە هەیە بمێنێتەوە و درێژە بە ژیان بدات، بەڵام لێرەدا نووسەر داهێنەرە و توانایی بەدیهێنانی ئەو خەونەی بۆ پاڵەوانی نێو دەقەکەی هەیە، نەک هیچ فریادڕەسێکی تر، خوێنەر چاوەڕێی سوپرایز و ڕووداو و پێشهاتی چاوەڕوان نەکراوی دەقنووسە، تا هەنگاوێک چێژێکی تر بە پرۆسەی خوێندنەوە ببەخشێت. لایەنی کەم هەمیشە جۆرێک لە مانیفێست و نوێبوونەوە بەسەر کۆی ڕووداکەدا بهێنێت، وا بکات خەیاڵی خوێنەر وەک (کۆڵۆمبس) بەدوای سەرزەمینە نەدۆزراوەکانی ماناوە بن. دواجار نووسەر خەونی کارەکتەری نێو دەقەکەی بەدی دێنێت و نایەوێ وەک (گابرێل گارسیا مارکیز) لە سەردەم و کاتێکی دوورتردا، بۆ لەدەستدانی (سەرهەنگ ئەئۆرلیانۆ)ی کارەکتەری نێو دەقی (سەد ساڵ تەنیایی) بەکوڵ بگرییێت و خەمی بۆ بخوات. (دۆریان) دەسەڵاتی جوانی نەمری وەردەگرێت کە پێشتر هیچ کارەکتەرێک لە ئەدەبیاتی پێشوودا ئەو دەستەڵاتەی پێ نەدرا، بەڵام بە مەرجێک ناخی لە تاوان و هەڵە بپارێزێت، بەڵام (دۆریان) نەیتوانی پارێزگاری لەخۆی بکات و لە یەکەم تاواندا (سبیل ڤەین)ی مەعشووقی فەرامۆش کرد، واتە لە حەسرەتی فەرامۆشی (دۆریان)دا کۆتایی بە ژیانی هێنا. هەرچەند (دۆریان) سەرزەنشتی خۆی کرد، کە نەدەبوو بەو شێوەیە ئازاری بدا، بەڵام ئیدی خۆی بە پارێزەری جوانی پەتی دەزانی و ئەو دەمانەی تەنیا (سبیل ڤەین) لەسەر شانۆ ڕۆڵی (جولێت)ی دەبینی جوانی خۆی هەبوو، بەڵام (سبیل) بە ئەنقەست لە نمایش سارد نەبوو، کە دۆریانی دەبینی دەیویست خۆی جۆلێت بێت و لەو زیاتر عیشقی خۆی بۆ (دۆریان) دووپات

بکاتەوە، بەڵام پێچەوانە کەوتەوە. (بەیسڵ)ی وێنەکێش دەیزانی ئەو فۆرم و ڕەنگانەی تێکەڵی کردوون، زیاتر لەوەیە تابلۆیەکی ئیبستراکت بێت و ئایدیالێکی سادەی مۆدێلێک بێت و تایبەت بێت بە خودی (دۆریان)، یان ئایدیالێکە لە سەردەمێکی کەمێک دواتردا دەڕواتە خەونی (گریگۆر سامسای) کارەکتەری دەقی (بەدگۆڕان)ی کافکاوە و بەیانییەک لە خەوێکی ناخۆش خەبەری دەبێتەوە بۆ جانەوەرێک گۆڕاوە. (دۆریان) نایەوێت کەس لە نێو تابلۆکەدا ڕوخساری شێواوی ببینێت، چون دواجار ئەوە فیگۆر و ڕەنگەکان نییە بەسەریەکدا تێکچوون، بەڵکو هەست و ڕوحیەتی (دۆریان) خۆیەتی." کاتێک دڵخۆشین هەمیشە باشین، بەڵام کاتێک باشین، هەمیشە دڵخۆش نین. باشبوون گونجانە لەگەڵ خودی خۆتدا، ناکۆکی ئەوەیە بە زۆر لەگەڵ خەڵکی دیکەدا خۆت بگونجێنیت.(٢١) لە کۆتاییدا بەهۆی پێداگری زۆری (بەیسڵ)ەوە دەکەوێتە سەر ئەوەی تابلۆکە نیشانی (بەیسڵ) بدات، بەڵام لەگەڵ بینینی بەو شێوە گۆڕاوە (بەیسڵ) ئارامی خۆی لە دەست دەدات، وەک چۆن خێزانی (کافکا)ش (گریگۆر سامسا)یان بەو شێوە گۆڕاوە بینی، هاوسەنگی خۆیان لەدەست دا. (دۆریان) بەرگەی ئەوەی نەگرت کەس ڕوحی ببینێت، بەتایبەت دوای ئەوەی (بەیسڵ) ئەوەی بینی."پێت وتم وێنەکەت دڕاندووە." هەڵەبووم ئەو منی دڕاندووە" بە جوولەیەکی هیوا بڕاوانەوە (دۆریان) بە هاوارێکەوە گوتی:" بەیسڵ، هەر یەکێک لە ئێمە بەهەشت و دۆزەخ لە ناخیدا هەیە."(٢٢) لە کۆتاییدا بە چەقۆیەک کۆتایی بە ژیانی (بەیسڵ) دەهێنێت و پاش چەند ساتێک بە ژیانی خۆشی، بەڵام ئەوکات (دۆریان)ی سەر جڤانسەکە هەمان (دۆریان)ی لاو و جوان و ئەوەش لەسەر زەوییەکە کەوتووە پیرەمێردێکی دەموچاو قێزەوەن بوو. هەتا بە باشی تەماشای ئەنگوستیلەکەی دەستی پیاوە مردووەکەیان نەکرد، نەیانناسییەوە.

### ئەنجام

١- تابلۆ بنەمایەکی گرنگی گێڕانەوەیە لە سیاقی دەقدا، بەڵام وەک ئەو فۆرمەی کە هەیە، نەک وەک ئەوەی چۆن بەکار دەهێنرێت.

٢- ئەم شێوازە لە نووسین لەنێو دەقی کوردیدا زۆر ونە و ئەگەر تاکوتەراش هەبێ وەک پێویست ئامانجی خۆی نەپێکاوە و لە پەراوێزدا تابلۆ بەکار هێنراوە، نەک وەک سەنتەری گێڕانەوە.

٣- نووسەرانی دەق هەوڵیان داوە لە ڕێگەی فۆرم و تەکنیکی تابلۆوە، هەم پەیامی خۆیان بگەیەننە خوێنەر، هەم باسی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە بکەن کە تێیدا ژیاون.

٤- تابلۆ بەپێی سەردەمەکان، لەنێو چاوچێوەی دەقێکدا، بە چەندان شێوە بەکارهێنراوە، بەپێی داهێنان و پێویستی تێکست هەر جارە و ڕۆڵێکی گێڕاوە.


**سەرچاوەکان:**

**١- دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی، د. یادگار لەتیف شارەزووری. ژ، ل٧٦.**

**٢- گۆڤاری ڕامان، ژمارە ١٨١، ل١٠٨.**

**٣- پێکهاتە و ڕاڤەی دەق، کتێبی سێیەم: بابەک ئەحمەدی، و. مەسعوود بابایی، ژ ل٢٤.**

**٤- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل٤٠.**

**٥- هێرمنیۆتیکا - لێبوردەیی، پۆل ڕیکۆر، و. ئەحمەد ڕەزا، ل٩٥.**

**٦- حەقیقەت و جوانی: بابەک ئەحمەدی، و. مەسعوود بابایی ژ. ل٢١.**

**٧- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل٥٨.**

**٨- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل٦٠.**

**٩- ڕۆمانی چاوەکانی: بوزورگی عەلەوی، و/ئازاد بەرزنجی، ل٨٥.**

**١٠- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل٨٧.**

**١١- کوندە پەپووی کوێر: سادق هیدایەت، و. توانا ئەمین، ل٢٥.**

**١٢- هونەری عیشق: فارووق ڕەفیق، ل١٦.**

**١٣- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل٦٦.**

**١٤- ڕۆماننووسی سادە و ڕۆماننووسی بیرکەرەوە، ئۆرهان پامۆک، و. بەکر شوانی، ل١١٤.**

**١٥- مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی، تیری ئینگلتن، ل١٠٩.**

**١٦- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ١١٣.**

**١٧- پێکهاتە و هێرمنیۆتیک، ڕزهانیکفەر، ل١١٨.**

**١٨- ڕێبازە ئەدەبییەکان، فەرهاد پیرباڵ، ل١١٧.**

**١٩- هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل١٤٣.**

**٢٠- وێنەکەی دۆریان گرەی: ئۆسکار وایەڵد/ و. سیروان مەحموود، ل٤٥.**

**٢١- هەمان سەرچاوە، ل١٢٩.**

**٢٢- هەمان سەرچاوە، ل٢٤٥.**